بێبەریە
لەڕەشەکوژی خەونەجوانەکانی گوڵەباخ
دەستی لەسەر کێلونەکانی غەریزە
ترازاوە
ئاااخ  لەمن ئاااخ
وااای لە تۆ وااای
ئەمزانی بەکەڵکی ئەم ئاشتییە نایەم
لەگەڵ عەشقا ،
ئەمزانی بەگەی ماچ و مۆچەکانی تەبایی ناگرم
لێم گەڕێ..
وەکو شەو ڕش بچمەوە
بۆوەی شتێك لەبارەی منەوە
نەتخاتەوەسەرکەڵکەڵەیعەشق
هەلهەلەیژیان ،
لێم گەڕێ...
تەنهایم ئاسەوارێك
لەسەرلێوی ئەم تریڕەشتاڵەپیرەڵە
جەهەندمییەجێهێڵێت ،

★ ★ ★ ★

بەمن چیدەستەساردووسڕەکانیتۆ
لەنێوباخچەیئەم ئەوینەتاڵانەیا گوڵ بگرێت
بەمن چی ماچەکانیتۆ
گەرهەنگوینی نێوئەم شانانەیگومان بیت
بەمن چی بەهەشتی چاوەکانیتۆ

چقڵەکانیبێنازیم بۆچاندیت
هەروەها نەفرەتکە لەو ڕەوڕەوەیەی
کەمن بۆم چێکردبوی لەقوڕقوشمە کانی بێهودەیی
من دەمگوت
دارەدارە ئیفلیج بەکچم پایزە
دارەدارە بکەوە کچم دۆڕانە
تۆدەتگوت
دارەدارە بابە پێت توندکە زریانە
دارە دارە چەترەکەت هەڵدە بابەگیان واگریانە
من دەمگوت
ئێی کچیخۆم وەرەوە سەر ستونەکانی
فڕین ،فڕین،فڕین
من دڵنیام ڕۆژێك هەڵدەکوتێتە سەرمان
دەبێت بەباڵی کۆترە شینەکانو
نەوڕەسەکانی ئەوبەریدەریا بفڕیت
وەرەوەنێو حەوزەمەنەکانی قەدەر
من دڵنیام...... دڵنیا عەزیزم
ڕۆژێك ئاگردەکاتەوەو
ڕەنگەلەگەڵ شەپۆلی خنکانەکاندا کۆچ بکەیت
تۆدەتگوت
ناتۆهیچت نەدەگوت و
پەنجەی شایەتومانت دەمژیو
لەگەڵ ڕەوڕوەکەتدا دەکەوتیتە سەما
هێمن ترلەسەما.....
تۆهیچت نەدەگوتو
ئەوکاتەی بەئینجانەی ژورەکەمدا

